# حوكمی ئەو كەسەی كە داوای حوكم كردن بە بنەما ومەبادئەكانی ئیشتراكیەت وشیوعیەت دەكات

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێخ عبد العزيز بن باز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم من يطالب بتحكيم المبادئ الاشتراكية والشيوعية

« باللغة الكردية »


الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمه: القسم الكردي في موقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014- 1435

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو كەسەی كە داوای حوكم كردن بە بنەما ومەبادئەكانی ئیشتراكیەت وشیوعیەت دەكات

ئـەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد العزیز بن باز كراوە (ڕەحمەتـی خوای لـێ بیت ) :

**پرسیار** : ئـایا حوكمـی ئـەو كـەسانـە چییە كـە داوای حوكم كردن بـە بنـەما ومـەبادئـەكانـی ئیشتراكیـەت وشیوعیـەت دەكـەن، و دژایـەتـی حوكمـی ئیسلام دەكـەن؟ وە ئـایا حوكمـی ئـەو كـەسانـەش چیـە كـە یارمـەتـی ئـەوانـە دەدەن كـە داوای جـێ بـەجـێ كردنـی حوكمـەكانـی ئیشتراكـی و شیوعیـەت دەكـەن ؟ وە بـەردەوام بـە خراپـە باسـی ئـەو كـەسانـە دەكـەن كـە داوای جـێ بـەجێكردنـی حوكمـەكانـی ئیسلام دەكـەن، یان تانـە و تـەشـەریان لـێ دەدەن و ودرۆ و دەلـەسـەیان بۆ هـەڵدەبـەستن، ئـایا دروستـە ئـەو جۆرە كـەسانـە لـە موسڵمانان بكـەیت بـە ئیمام و ووتاربێژی مزگـەوتـەكان ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

گومانی تێدا نییە واجبە لەسەر کاربەدەست و پێشەوای موسڵمانان کە لەسەرجەم کاروبارەکانی ژیانیاندا حوکم بە شەریعەتی ئیسلام بکەن، و دژایەتی هەموو ئەو کەسانەش بکەن کە پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیە کار دەکەن، ئەمەش سەرجەم زانایانی ئیسلام کۆدەنگن لەسەری و هیچ جۆرە جیاوازییەك لەنێوانیاندا نابینرێت سوپاس بۆ خوای گەورە، بەڵگەش لەسەر ئەم مەسئەلەیە زۆر زۆرە لە قورئان سوننەت و لای زانایانیش ڕوون و ئاشکرایە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ [ النساء : ٦٥ ] واتا : سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو

گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ نارەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە دادوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن پێی .

هەروەها لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ [ النساء : ٥٩ ] واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن (لە بیروباوەڕو پابەندیدا)، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلی اللە علیە وسلم) (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.

هەروەها دەفەرمویێت:﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾ [الشورى: ١٠] واتا: لە هەر شتێکدا کە جیاوازیی دەکەوێتە نێوانتان لەسەری، ئەوە حوکمەکەی هەر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوەو دەبێت بەپێی فەرمایشتی خودا حوکمی لەسەر بدرێت.

لەجێگایەکی تریشدا خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾[ المائدة: ٥٠ ] واتا: ئایا ئەوانە حوکمی خراپی سەردەمی نەفامییان دەوێت و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن؟! کێ هەیە ئەوەندەی خودا حوکمی باش و ڕێکوپێك بێت؟! بێگومان کەس نیە، بەڵام ئەم پرسیارە بۆ قەومێکە کە تێگەیشتنی تەواویان هەبێت و باوەڕداری ڕاستەقینە بن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ [ المائدة : ٤٤ ] واتا : هەر کەس حوکم نەکات بەو بڕیارانەی کە

خوا ناردوویەتیە خوارەوە ئا ئەوانە بێ باوەڕن و موسوڵمان نین، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ [ المائدة : ٤٥ ] واتا : بێگومان ئەوەی حوكم و داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كە خوا دایبەزاندوە، ئائەوانە هەر ستەمكارن ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ [ المائدة : ٤٧ ] واتا : ئەوەی حوكم و داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كە خوا دایبەزاندوە، جا ئا ئەوانە ناپاك و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون.

ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزیش لەم بارەیەوە زۆرن، زانایانیش هەموویان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەركەسێك وابزانێت كە حوكمی غەیری خوا لە حوكمەكانی خوای گەورە باشترە، یان ڕێگا و ڕیبازی غەیری ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لە ڕێگا و ڕێبازی ئەو باشترە، ئەوا ئەو كەسە بێباوەڕ بووە، هەروەك چۆن زانایان كۆدەنگیشن لەسەر ئەوەی هەركەسێك پێی وابێت كە دروستە بۆ هەركەسێك لە شەریعەتەكەی محمد المصطفی بچێتە دەرەوە، یان حوكم بە

غەیری شەریعەتەکەی ئەو بکات، ئەوا ئەو کەسە بێباوەڕ و گومڕایە، بۆیە لەڕوانگەی ئەو ئایەتانەی قورئان و کۆدەنگی زانایان کە باسمانکردن و ئاماژەمان پێدان، ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ ئیشتراکیەت و شیوعیەت دەکەن، یان بۆ هەر بیروباوەریکی تری ڕوخێنەر کە پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بێت، ئەوا کافرو گومڕابوون، کافرتر لە جولەکە و گاورەکان، چونکە ئەو کەسانە مولیحدن، باوەڕیان بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی نییە، وە دروست نییە بکرێن بە ئیمام و ووتاربێژی هیچ مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی موسڵمانان، وە دروست نییە نوێژیش لە پشتیانەوە بکرێت، وە هەرکەسێکیش یارمەتیان بدات لەسەر هەمان گومڕایی ئەوانە، وە هەرکەسێك ئەو بیروباوەڕانەی ئەوان بە باش بزانێت و بەخراپەیش باسی بانگخوازانی ئیسلام بکات وتانەیان لێ بدات، ئەوە کافر و گومڕایە، حوکمی وەك حوکمی مولحیدەکان وایە، ئەو مولحیدانەی کە پشتگیریان لێ دەکات و لەگەڵیان هاوشانە لە بانگەشە کردن

بۆ شیوعیەت و ئیشتراکیەت، زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك پشتگیری بێباوەڕان بکات لە دژی موسڵمانان وبە هەر شێوەیەك یارمەتیان بدات لە شێوەکان ئەوا ئەو کەسە بێباوەڕ بووە وحوکمی وەك حوکمی ئەو بێباوەڕانە وایە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ [ المائدة : ٥١ ] واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادات.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ [ التوبة : ٢٣ ] واتا : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، باو و باپیران و براکانتان مەکەنە پشتیوان و

خۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش ویست و هەڵیانبژارد بەسەر ئیمان و باوەڕدا، هەرکەس لە ئێوە پشت بەوان ببەستێت و خۆشی بوێن، ئائەوانە هەر ستەمکارن.

ئومێدەوارین ئەوەی باسمانکرد بەس بێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەشوێن هەق وڕاستیدا دەگەڕێن، خوای گەورەش ڕاستی دەڵێت وهەر ئەویش ڕێنومایی خەڵکی دەکات بۆ سەر ڕێگا وڕێبازی ڕاست ودروست، داواکارین لەخوای گەورە کە حاڵ و گوزەرانی سەرجەم موسڵمانان باش بکات، وە دەنگیان یەکبخات لەسەر هەق وڕاستی، وە دوژمنانی ئیسلامیش لەناو ببات و کۆڕو کۆمەڵ و هێز وبازوویان پەرت وبڵاو بکات، وە موسڵمانان بپارێزێت لە شەڕ و خراپەیان، هەر ئەویش بە دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا...... وە درورد و سەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى پێغەمبەر و بەندەی خوای گەورە، وە بۆ سەر ئال و بەیت و هاوەڵانی هەتا هەتایە ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە: سایتی شێخی پایە بەرز عبد العزیز بن باز رەحمەتی خوای لێ بێت www.binbaz.org